٣–خواردنی چەند خورمایەك یا هەر خواردنێكی تر پێش دەرچون بۆ نوێژ .

٤– لەهەر ڕێگایەكەوە ڕۆیشتی بۆ نوێژ بە ڕێگایەكی تر وەرەوە بۆ ماڵ .

٥– كە لەماڵ دەرچوی دەست بكە بە تكبیرات ( **الله اكبر الله اكبر ، لا الة الا الله والله اكبر، الله اكبر ولله الحمد** ) هەتا ئیمام دەس ئەكات بەنوێژ .

٦– هیچ نوێژێكی تایبەت نییە پێش یان دووای نوێژی جەژن .

## چۆنێتی نوێژی جەژن

١– هەر كە ئیمام دەركەوت نوێژ دائەمەزرێ بێ قامەت و هیچ بانگەوازیەك و بەبێ وتنی الصلاة جامعة.

٢– نوێژی جەژن دوو ڕكاتە و پاشان یەك ووتارێك و بێ هیچ پشودانێك لە لایەن ووتاربێژەوە .

٣– لەدوای تەكبیرەی ئیحرام حەوت تەكبیرە ئەكەیت لە نێوان تەكبیرەكاندا (**سبحان الله و الحمدلله و الله أكبر**) ئەكەی ، لەگەڵ هەموو تەكبیرەیەكاندا دەست بەرز ئەكەیتەوە وەك هاتووە لە (عبدالله)ی كوڕی عومەر (ڕەزای خوایان لێبێت)، پاشان سورەتی فاتیحا و سورەتیكی تر ئەخوێنیت پاشان ئەچیت بۆ ڕوكوع و سوجودە وەك نوێژەكانی تر .



لە ڕكاتی دووەم پێنج تەكبیرەی تر ئەكەی دوای هەڵسانەوەت لە سوجود و پێش سورەتی فاتیحا ، پاشان وەك نوێژەكانی تر تەواو ئەبی .

٤– پاشان ئیمام هەڵدەستێ و وتار ئەخوێنێ ، هەر كەسێك بیەوێت بۆی هەیە بڕوا و هەر كەسێك ویستی لێ بێت دائەنیشێت و گوێبیستی وتاركە ئەبێت .

٥– پاشان موسڵمانان پیرۆزبایی لەیەك ئەكەن بە هەر شێوازێك، كە بەرامبەرەكەی دڵخۆش كات وە هاتووە لە هەواڵانی پێغەمبەر (ﷺ) كە بەیەكیان ئەووت( تقبل الله منا ومنكم )

## چەند تێبینیەك

١– وتاری جەژن بەحەمدی خوا دەست پێ دەكات نەك بە تەكبیرات لە لایەن وتار بێژەوە .

٢– ئەگەر لەكاتێ درەنگ زانرا جەژنە ، ئەوە لە ڕۆژی دواتر نوێژی جەژن ئەكرێت .

٣– ئەگەر نوێژی جەژنت لە دەست چوو بەهۆیەكی شەرعییەوە ئەتوانی دوو ڕكات لەجیاتی بكەیتەوە .

٤– حەرامە یەكەم ڕۆژی جەژن بە ڕۆژوو بیت



## خراپەكارێكانی جەژن

١- تەوقەكردن پیاو لە گەڵ ئافرەتی نامەحرەم و بیانی.

٢- خۆ چواندن بە كافران لە جل و بەرگدا ((من تشبه بقوم فهو منه)).

٣- سەفەركردن بۆ شار و شوێنان بە مەبەستی بەشداری لە ئاهەنگ گێڕانی ناشەرعی.

٤- خۆڕوتكردنەوەی ئافرەت و دەرچونیان بۆ شوێنە گشتییەكان.

٥- خۆ ڕازاندنەوەی پیاو بە تاشینی ڕیش و لە بەركردنی پۆشاكێك، كە لە خوار قولەپێوە بێت (شۆڕ بێت).

٦- تایبەتكردنی سەردانی گۆڕستان لە جەژن یان تازەكردنەوەی تەعزێ لە یەكەم ڕۆژی جەژندا .

٧- ئامادەنەبوون بۆ نوێژی جەماعەت لە جەژندا.

٨- كڕین و فرۆشتنی تەرەقە و دەمانچەی منداڵان كە زەرەر و ترسناكی زۆری هەیە لە سەر كۆمەڵگا .

**والحمدلله أولاً وآخراً**